(تابلۆ سپییەکان ، بە نهێنی لەناو پەڕەکانی خونچەی گوڵێکی سوردا نەخشێنرا بوون)

# پەڕەکانی خونچەیەکی سور

هێمن ڕەئووف
hemnrauf@hotmail.com

پەڕەی یەکەم
جوتێ کۆتر
لە ئاسمانا  لێک ئالابوون

پەڕەی دووەم
وا تێکەڵ بەیەکتردەبوون
جار جار لە یەکتر ووندەبوون

پەڕەی سێیەم
شایی و لۆغان و هەڵپەڕکێی
بۆیەکبوونی مەم و زینە

پەڕەی چوارەم
لە شێوەی نامەی کچێکدا
داوەتنامەی ئەو شاییەم بۆ هاتبوو

پەڕەی پێنجەم
لاس و خەزاڵ
هەر لەوێدا یەکیان ناسی

پەڕەی شەشەم
گروپێکی بچکۆلانە
موزیکی نوێیان دەژەنی

کاتێ پرسیم
ووتیان ئەوان
نەوەی شیرین و فەرهادن

پەڕەی حەوتەم

ڕۆژی حەشرەو
عومەری خاوەر لەوێدا چاوەڕوانە

پەڕەی هەشتەم
سەددامو داروودەستەکەی
لەبەردەستییا زەلیلانە
کوڕنووش بۆ هەیبەتی دەبەن
نزای بەزەیی تیادەکەن
دەڵێن
گەر تۆ بمان بەخشی
خوا بەسۆزو میهرەبانە

پەڕەی نۆیەم
منداڵەکەی ئەو کابرایە*
فریشتەی باخی (بەهەشت) ە
دەڵێ بابە !
لە نێو باخێکی (بەهەشت) دا
کۆشکێکی ڕەنگ ئەرخەوانی
پڕ لە پەریی و خۆشی و جوانیم دۆزییەوە

ئەڵێن گوایە
دیاری خوایە و بەتۆی دایە .

دوا لاپەڕە
لە ڕۆژی ئازادی (مەل) دا
من و تۆ یەکترمان ناسی
بڕیاری یەکجاریماندا

تۆ ڕووبارێکی شیرین و
منیش ماسی

وا هەموومان
چاوەڕوانین
ئەو خونچەیە دەمکاتەوە

پەڕەکانی ئەو گوڵە پیروو پڕ دڕکەی
ساڵی پێشوو
بە شەماڵێکی ئێواران
بن پێ کەوێ و
لەم خاکەدا شەوێکی تر نەکاتەوە .

---

* کابرا : مەبەستم عومەری خاوەرە

28.05.2006